# ئەوە تۆی هەنوکەش بێخەوش دەگمێیت

" بۆ هاورێم (مامۆستا تاهیر)، کە بەدەستی نەخۆشییەکی کوشندەوە دەتلێتەوە "

سیروان کاروانی

ئەگەر ئەم هەوارە
هێندە دلارا نەبووایە
تۆ وەک باڵندەیەکی ناس بە ئەڤین و پەیمانەوە
خولیای ئەو دەشت و دۆڵ و یاڵ و گەری و
ترۆپکە عاسێیانە نەدەبووی

ئەگەر ئەم هەوارە
هێندە لە گریانە ئاسمانییەکان نەچووبایە
تۆ تەمەنی هەنگوینی لاوێتیت
نەدەکردە شانەیەکەوە و
تەمەڵیماڵێکی نوێی پێ دابنێی

ئەگەر ئەم هەوارە
هێندە بەر تیری نەیاران نەکەوتبایە
تۆ رۆحی ماندووت نەدەکردە قەڵغان و
بەری تیری جەرگبڕی ئەنفال و
ژاربارانێکی تری خوێناویی پێ بگری

ئەی دەروونپاکەکەی ئەو دەشتی دزەییاتییە
چۆن رشتنی ئەشکەکان
لە شێی پێویستی لەشی مرۆڤێک کەم دەکەنەوە
تنۆک تنۆکی خوێنی ئاڵی تۆش
لە جەستەی بەدومانی ئەم خاکە کەم دەکەنەوە

تۆیەک هەرە چاکترینی خۆت لە ژیان کە رۆحتە
پێشوەخت بەم نیشتیمانە کلۆڵە دا
تۆیەک وەک هەورەچەخماخە هەڵت دەکرد و
ئارام وەک پەپوولەیەک

لەسەر هەستی مرۆڤەکانی ئەم ناوە دەنیشتیتەوە
ئەفسووس! نەدەبوو شەڕی مەرگ ئاوا زوو
بیناقاقات لێ بگرێ
چارەنووس مل بە هیچ ڕۆحێک نادا
چارەنووس گەردەلوولێکی هەڵکردووە
ڕۆژەکانی مێژوو دەپێچێتەوە و
جارێکی تر بەڕۆحەوە درێژەیان پێ نادا

ئەوە تۆی هەنوکەش بێخەوش دەگمێیت
ئەوە تۆی باڵندە سپییەکەی لەگەڵ کازێوەدا
بە تاقی ئاسمانەوە دێیت
ئەوە تۆی ئەو ئەسرینە گەرمانەت
کە لە هی دایکە 12 سەر ئەنفالەکان و
یەخسیرەکانی ژاری کیمیاوی دەچن
تێکەڵ بە سروە و نمە بایەکانی
بەر دەرگەی ژوورە زەردهەڵگەڕاوەکەت کردووە
ئەوە ئەسرینەکانی تۆن
بە دیواری کۆتانەکان و قۆپکەکاندا هەڵدەزنێن و
لەسەر بەری ئەو سنەوبەرانە دەنیشنەوە
کە دیمەنیان لە دڵی مرۆڤەکان دەچن
ئەوە تۆی، هەر هەیت و
هەر هەیت و
هەر هەیت!

2005.08.22